## با بەرانبەر بەهەڕەشە و هێرشەکانی تورکیاو
## بەرگرتن بە کوشتارو ئاوارەیی خەڵکی کوردستان بێینەمەیدان

### بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لە فنلاند دژ بە لەشکرکێشی تورکیا.

هەروەک ئاگادارن کە دەوڵەتی تورکیا ماوەیەکە دەستی کردوە بەتۆپ بارانکردنی ناوچەسنورییەکان ، بەم پێیەش دانیشتواني چەند ناوچەو گوندەکانی سەرسنور دووچاری ئاوارییو زەرەرو زیانێکی زۆر بوونو لەهەمانکاتدا رۆژ بە رۆژ دەولەتی فاشستی تورکیا هێزی سەربازیی خۆی لەسەر سنوری کوردستان زیاتر کۆدەکاتەوەو ئامادەییەکانی خۆی زیاتر دەکات بۆ هەر هێرشێکی سەربازي کە لەوانیەلە هەر رۆژێکدا روبدات.
بۆ بەرپەچ دانەوەی ئەم هەرەشەو هێرشانەی دەولەتی فاشستی تورکیاو بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتیمان بۆ دیفاع لە بەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستانو مافی حاشاهەڵنەگریان لە پێناوجیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا.... حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق " کۆمیتەی فنلاند" خۆپیشاندانیکی جەماوەری ریکدەخات بۆ بەردەم بالویزخانەی تورکیا لەشاری هلسنکي.
ئێمە داوا لە تەواوی ئینسانە ئازادیخوازوپێشکەوتوخواز و گشت لایەن و هیزیک دەکەین کە دژ بەم هێرشەو پەلامارەی تورکیایە بۆ سەر کوردستان، هەروەها بانگەوازی گشت ئەوکەس و لایانانە دەکەین کە دیفاع لە جیابونەوەی کوردستانو پێکهینانی دەوڵەتیکی سەربوخۆ دەکەن...
با پێکەوە برۆین بۆ بەردەم بالوێزخانەی تورکیا، با پێکەوە دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین بۆ دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی خەلکی کوردستان وخواست و ویستی ئینسانیان.

**کات**: رۆی جوار شەمە بەرواری24.10.2007
**کاتزمێر.15لەبەردەم سەفارەتی تورکیا کۆدەبینەوە لەم ئەدرەسە.**

**Turkin suurlähetystö**

Puistokatu 1 b A 3, 00140 HELSINKI

بۆ زانیاری زیاترپەیوەندی بکەن بە (مستەفا باهر) 0445010754

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق/ کۆمیتەی فنلاند